# سایك


گۆڤارێکی رۆشنبیریی زانستی دەروونییە
وەزارەتی تەندروستی دەریدەکات




لا2/ دیاردەی نامۆ بوون لای تاکی کورد



لا6/ سایکۆلۆژیەتی پاداشت و سزا



لا36/ هۆکاری تەنگەژە دەروونییەکان


خاوەنی ئیمتیاز:
د.عەبدولرەحمان عوسمان یونس

دەستەی راوێژکاران:
پرۆفیسۆر نزار محەممەد ئەمین
د. رزگار ئەمین
د. سیروان کامیل

سەرنووسەر:
د.سامان هەڵەبجەیی

سکرتێری نووسین:
د. رەوشت رەشید

بەڕێوەبەری نووسین:
د.رێدار محەممەد ئەمین



سەرووتار.............................بەڕێوەبەری نووسین لا1
دیاردەی نامۆبوون لای تاکی کورد........ م. عوبێد خدر لا2
سایکۆلۆژیەتی پاداشت و سزا.....م. ئیلهام، د.ئەفرام لا6
بیردۆزێن خەون دیتنێ ............ د. سالم ئەلحەکیم لا9
بۆچوون و دژە بۆچوون............... گۆڤاری سایک لا12
چەند بیرو باوەڕێکی هەڵە ....... د. ئازاد مستەفا لا35
هۆکاری تەنگەژە دەروونییەکان..... گۆڤاری سایک لا36
پشووی سایک .............. رازاو رەشید سەبری لا37
وەڵامێک بۆ هەورامان محەممەد...کۆمەڵێک قوتابی لا39
فەرهەنگی سایک ................ گۆڤاری سایک لا40



دیزاین
رەگەز رەشید

تایپ
نەهرۆ عوسمان


فایلی سایک

## سایکۆلۆژیای خۆشەویستی


ناونیشان

سلێمانی: کتێبخانەی کۆشکی سەردەم_ بەرامبەر سلێمانی پالاس
هەولێر: کتێبخانەی قەلا + کتێبخانەی زانکۆ
دهۆك: سەنتەری دایاکۆنا
سۆران: کتێبخانەی ئەحمەدی خانی

Tel:

(066) 252 4124
(0750) 454 0182
(0770) 137 8145

E-mail:

govaripsych@yahoo.com


# دونیا مەرمەڕیش کۆسە بەڵمەڕیش

## یانەی ڕەشید

د.سامان هەڵەبجەیی

لەعێراقی جاراندا باسی هەرچیت بکردایا بێجگەم لە وەرزش سەرو تیا ئەچوو هەربۆیە خەڵکەکە خوویان دابوویە باسکردنی وەرزش، کاکە عودەی هات و دەستێکی لەم زەوقەی خەڵکیش وەردا و یانەیەکی دروست کرد و ناوی نا ڕەشید، گەرا هەر پاڵەوانێك خەڵك خۆشی گەرەك بوو ئاختیە ئەو یانەیە بەو ئومێدەی لای خەڵك خۆشەویست بێت، سەرتان نەیەشێنم ئەوەندەی دیکە ڕقی خەڵکەکە ئەستورتر بوو نەك چەپڵەیان بۆ ئەو پاڵەوانانە لێئەئەیا بەڵکو هەر وە جارێ وەرزشیان بێزرا و باسی ئەوینیشیان نەئەکرد، لەم وڵاتەی ئێمەشدا کە خەڵك بێزار دەبوو دەچوو بابەت و نووسینی قەڵەمەکانی دژ وە دەسەڵاتی ئەخوێندەوە و سوکنایيەك ئەهات و وەڵیا، بەڵام ڕۆژ بەڕۆژیش دەسەڵات خەریکی ڕاوکردنی ئەو قەڵەمە بەهرەدارانەیە و وەناوی جیاجیاوە ڕاویان دەکات و وەکو تەیرێکی ماقوڵ ئەیانخاتە قەفەسەوە و نیشانی خەڵکیان ئەیا و ئێژێ تەماشای ئەو کڵە قەڵەمە بکەن کە ئێوە حەزتان لێی بوو ئەها ئەوەتا لە قەفەسەکەی منا، چیتا پێ بێژم هەردووکیان وەسەهودا چووگن، چونکە کەس حەزی وەسەیرکردنی باڵندە ماڵیەکانی دەسەڵات نیە و خودی باڵندەکانیش تاکێوی بوون ڕەونەقیان هەبوو دەنا کە چوونە قەفەس ئەبنە مریشك... بیرم ئەچێ کە ئێژم قەفەس خەیاڵتان بۆ تەل و دار ئەچێ، چونکە ئەو قەفەسانەی کە نووسەر و هونەرمەندە کێویەکانی تیا ماڵی ئەکرێ ئەزانی کامەسە...؟ شیراتۆن و سلێمانی پالاس و سیاحیەکەی دوکان و خانزادە...

بەڵام خەڵکی ئازاد هەمیشە وەدوای قەڵەمی تری کێویدا ئەگەڕێ و ئەشی ئۆزێتۆ خۆی دروستی ئەکا.......